South Gloucestershire Council

# کۆپی نامیلکەی ڤاکسین بۆ وەرگێڕان

# Covid-19 vaccination information

South Gloucestershire Council

Delivering for you

**کۆپی نامیلکەی ڤاکسین بۆ وەرگێڕان**

زانیاری دەربارەی کوتانی Covid-19

ئەمە ئەوەیە کە تۆ دەبێت بیزانیت دەربارەی کوتانی ڤاکسینی Covid-19

- ڤاکسینی Covid-19 سەلامەت و کاریگەرە. ئەو ڤاکسینە باشترین پاراستنت دەداتێ لە دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
- کوتانەکان بە تەواوی تاقیکراوەتەوە و لەلایەن شارەزایانی پزیشکییەوە پەسەند کراوە.
- ملیۆنان کەس ڤاکسینی Covid-19 یان پێ بەخشراوە و کاریگەرییە لاوەکییە مەترسیدارەکانی وەکو پەرچەکرداری هەستیاری زۆر دەگمەن بووە.
- خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی (NHS) لەپێشینەی وەرگرتنی ڤاکسینی بۆ ئەوانەیە کە زۆرترین مەترسی نەخۆشیان لەسەرە لەلایەن Covid-19 وە. ئەو ڕێکخستنی خەڵکەی کە ڤاکسینیان پێشکەشدەکرێت لەسەر بنەمای ئامۆژگاری سەربەخۆ دەبێت لەلایەن شارەزایانی پزیشکییەوە.
- تۆ لەلایەن NHS وە پەیوەندیت پێوە دەکرێت کاتێك کە نۆرەت هات بۆ ئەوەی ڤاکسین وەربگریت.
- ڤاکسینکە 2ب دوو جار دەدرێت. تۆ دوو هەمین دانەت پێدەدرێت دوای 3 بۆ 12 هەفتەی لە دوای وەرگرتنی یەکەمین ڤاکسین.
- یەکەم ژەمی ڤاکسینەکەت دەبێت باش بتپارێزێت لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام دەبێت دووهەمین ژەمیش وەربگریت بۆ ئەوەی پارێزگاری تەواوت پێبدات کە ماوەکەی درێژترە.
- ئەگەرێکی کەم هەیە کە تۆ هێشتا ڤایرۆسی کۆرۆنا بگریت و بڵاوی بکەیتەوە تەنانەت ئەگەر ڤاکسینەکەشت وەرگرتبێت. تۆ دەبێت بەردەوام بیت لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی دووری کۆمەڵایەتی هەتا ئەو کاتەی کە پێمان دەوترێت لەلایەن حوکمەتەوە.
- ڤاکسینی Covid-19 هیچ بەروبومێکی ئاژەڵ و هێلکەی تێدا نییە.
- هیچ بەڵگەیەك نییە کە ڤاکسین کاریگەری لەسەر نەزۆکی هەبێت.
- NHS هەرگزی داوای بانك یان زانیاری دارایی ناکات یاخود داوات لێناکات کە ناسنامەکەت بسەلمێنیت وەك بەشێك لە بەرنامەی کوتانی بێ بەرامبەری Covid-19.
- ئەگەر تۆ پێویستت بەم زانیارییە هەبوو بە فۆڕماتێك یان زمانێکی جیاواز، تکایە پەیوەدنی بکە بە 868009 01454
- بۆ ئەوەی سەیر بکەیت کە ئایا تۆ پاڵێوراویت بۆ وەرگرتنی ڤاکسین، پەیوەندی بکە بە 119 وە یاخود لەڕێگەی ئەم لینکەوە nhs.uk/covid-vaccination
- زانیاری زیاتر دەربارەی ڤاکسینەکە: www.southglos.gov.uk/vaccination
- کایە پەیوەدنی بەم ژمارەیەوە بکە ئەگەر Covid-19 دەتەوێت زانیارییەکان بە فۆڕمات یان زمانێکی جیاواز بەدەست بهێنیت: 868009 01454




KURDISH

We're on the right track, let's keep going.